شیعر

# عەشقی ئێمە

حەمە عەلی حەسەن

## ناوەروک لاپەرە


١- ئەهلی ئەشکەوت ........ ٧
٢- نامەی شەمال ........ ٩
٣- لە زمانی هاو زمانیکەوە ........ ١١
٤- دەپیم بلی ........ ١٢
٥- ئیوە ........ ١٣
٦- ئەگەر ........ ١٤
٧- سوخریەت ........ ١٥
٨- پرسیار ........ ١٦
٩- جورەها مەرگ ........ ١٧
١٠- بو "ئوژین پوتییە" ........ ١٨
١١- بەلین ........ ١٩
١٢- کومونە ........ ٢٠
١٣- ئەمرو ........ ٢١
١٤- ئیوە و ئەوان ........ ٢٣
١٥- چ سەردەمیکە ........ ٢٥
١٦- بی لایەن ........ ٢٦
١٧- بو ئەو ٦ شەوە شیعریانەی تەواو نەبوون ........ ٢٧
١٨- عەشقی ئیمە ........ ٢٨
١٩- منالیتی ........ ٢٩
٢٠- نیوان بوون و ئەبوون ........ ٣٠
٢١- روتین ........ ٣١
٢٢- دیوارەکان ........ ٣٢
٢٣- هەلویستنەیەک ........ ٣٤
٢٤- جولە ........ ٣٥
٢٥- کیشە ........ ٣٦
٢٦- چەند کورتە شیعری ........ ٣٧
٢٧- چینایەتی ........ ٤٠
٢٨- نووسەری باو ........ ٤١
٢٩- گەران ........ ٤٣

٣٠- من و شيعر ........................................ ٤٤
٣١- ميرى سەگ ........................................ ٤٦
٣٢- گەمەى دووبارە ........................................ ٤٧
٣٣- پاييز ........................................ ٤٨
٣٤- چەتەى خومالى ........................................ ٤٩
٣٥- ئەمە... ئەوە ........................................ ٥١
٣٦- ووردەوالە ........................................ ٥٢
٣٧- مەتەل ........................................ ٥٣
٣٨- ريبوار ........................................ ٥٤
٣٩- تان و پو ........................................ ٥٦
٤٠- گوى نادەنى ........................................ ٥٧
٤١- بو توى مى ........................................ ٥٨
٤٢- يەكشەممە مەنگەكان ........................................ ٥٩
٤٣- گورانى هيوا ........................................ ٦١
٤٤- بو...؟ ........................................ ٦٢
٤٥- سەرى سال ........................................ ٦٣

# ئەهلی ئەشکەوت

لە لیواری چەرخە بەردینەکانەوە
دینەدەری ....
بونی کەروو
بونی زبلدانی میژوو، دی لەدەمیان
تەپو توزی ئەهلی ئەشکەوت،
لە کەللەیان هەلدەوەری.
کورتەبالان ...
لە بن تاشەبەردی «جەهل و خورافەدا»
سەری خویان حەشارداوە
نمایندەی شەوە بەسەرچووەکانی
عومری میژوون
بویە رقیان
لە گولەبەروژەی ئاشق بە خورەتاوە.
دنیایەکی گەلیک سەیرە
دنیای ئەوان
ئەگەر کچ بی کورپەلەیان...
هەر لە سەر بیشکەوە کوتی «اغتصاب»ی
دەکریتە پی
کە هیشتا پیی نەگرتووە...!!
هەر لە سەر بیشکەوە گیانی ئەتک دەکری
کە هیشتا لە تامی ژیان نەگەیشتووە...!!
کە گەورەش بوو، ئەو کورپەیە
بەدەر لەوەی.... بپرسن: بو مەلی ئەشقت
کوی ئامیزی هیلانەیە؟
سەر و سیمای تەلبەند دەکەن
وەک سنووری وولاتیکی داگیرکراو؛
نیگاکانی دەشارنەوە
لە خویندنەوەی نامە رەنگاورەنگەکانی
تیشکی هەتاو.

دنیایەکی گەلێک سەیرە
دنیای ئەوان.
چاندنی تووی کینەیە بەرنامەیان.
پەیامی چوک دادان دەدەن بەگوێی بوونا.
لە بەر شنەی دلرفێنی ئازادیا
زەلیلیکی کوول و لەرزوکە
خامەیان.
هێندە گێلن..
فەتوای برینی تالێکی
پرشنگی پرچی خور دەدەن.
بزەی سەر لێو...
هەناسەی سنگ...
ترپەی دل و لێزمەبارانی نەوبەهار
سانسور دەکەن...!
لە لێواری چەرخە بەردینەکانەوە
دێنە دەری...
بونی کەروو
بونی زبلدانی مێژوو
دێ لە دەمیان؛
تەپ و توزی
ئەهلی ئەشکەوت لە کەللەیان هەلدەوەری.

کانونی دووەمی ٩٦

# نامەی شەماڵ

شەماڵ دیت و هەواڵی نوێی ئێوە دێنی
ئەڵێ هێشتا هەناسەیەک
کە بۆگەنی کەرووی درۆی سەرکردەکانی
لێوە دێ
بێشکەی کۆرپەلەی خۆزگەتان
رائەژێنی...

شەماڵ دیت و ئەڵێ هێشتا
قەل و داڵی ئەم هەوارە
زەرنەقوتەی مەلی ووشیاری
ئە فڕێنی.

شەماڵ دیت و
پەیامی مەرگەساتێکی تازە دێنی
ئەڵێ هێشتا
هەنگی ئاشق
جێ خەلوەتی بەرنەداوە؛
زەردەواڵە
شیلەی گوڵان زەهر ئەکات و
وە گوڵزاریش بەم نەغمەیە
ئاساییە ئەگەر ببێت بە کەلاوە.

شەماڵ دیت و ئەڵێ هێشتا
درک وانەی خۆشەویستی ئەڵێتەوە؛
پەپوولەی ئازادی مەستە و
هەموو شەوی
لە بەر ئاتەشی میراتی بەشکردنا

وەک مومی عومریکی ماندوو
ئەتویتەوە.

شەماڵ دیت و ئەڵی هیشتا
لە کویستانی ژان و رەنجا
هەر پرووشەی بەفری دروی سەرکردەکان
بە سەرمانا دائەباری.
شەماڵ دیت و ئەڵی دیسان
تیرور کرا... نەبەهاری.

شەماڵ دیت و هەواڵ دینی
کورەی دلم
زیاد و زیادتر ئەشیوینی.

# له زمانی هاو زمانیکەوه

ئەم کراسە باوی نەما
نە رەنگەکەی
نە شیوازی دورینەکەی،
نە ئەوەشی لە بەریا بوو... نەبەرهەمهێن.

ئەو قسانە هەمووی پووچن
کە لە وەرزی هەلوەرینی بەری رەنجا
بو هاوخوینی‌ی کلکی تەور و
قەدی شورەبی‌یەک، ئەکرین.

یاخو گەمژەن... یا خوپەرست
ئەو دەمانەی
بو تەبایی مەل و قەفەس،
کەلەپچە و دەست،
درک و خوشەویستی، ئەدوین.

چنگی سوور و
دەستی منیکی رەنجەرو..
هیوایەکی گەرم و ناسک، رەنگی ئاسو..
لە گەل یاسای مانەوەدا، زام و درو..
چەتە و نیچیری جەنگەلستانی ئەمرو..
چونی ئەکری
لەگەل یەکدا دەست لەمل نین..؟؟

بویە ئەلیم
ئەو قسانە هەمووی پووچن
کە لە وەرزی هەلوەرینی بەری رەنجا
بو هاوخوینی‌ی کلکی تەور و
قەدی شورەبی‌یەک، ئەکرین.

# دەپیم بلی

بەو مروفانە پیشکەشە:
لە گەل ژانا،
بە رووی یاسای دارستان بەرەنگارن.
لە هەر کوچ و بارگەیەکا
لە نیو هەموو کارگەیەکا
لە سەر هەر بستیکی زەمین
لە پایزی بی دەنگیا
وەکو نیرگز..
موژدە دەری نەو بەهارن

**بە تەنیا تو، شان رزیوی ژیر بارەکەی**
**دە پیم بلی هەتاکو کەی..**
**بە ئاورنگی گەرمی دیدە**
**ئاوی درکی پەشیمانی و حەسرەت ئەدەی..؟**
**ئەی پەپوولەی هەست و خوزگە شاراوەکان**
**بە دەستی خوت**
**بوترووسکە ئەخنکینی؟**
**لەم شەوە ئەنگووستە چاوە نسرمەیا**
**بوچی فوو لە چرا ئەکەی؟**
**دە پیم بلی هەتاکو کەی..**
**بالە رەنگاو رەنگەکانت**
**بە گرمەی دەهولی دراو،**
**فیری سەمای مردن ئەکەی؟**
**دەپیم بلی هەتاکو کەی..**
**سوجدە بو پەیکەری تەم و زریان ئەبەی؟**
**ئەی شکوفەی هوش و بروا..**
**بە هەلهینانی چاوی تو**
**مژدەی بەهار ئەدا.. سبەی**
**دەپیم بلی هەتاکو کەی..**
**لە ژیر ئەم بارە قورسەیا**
**رەشمالی بی دەنگی ئەخەی؟**

# ئیوە

ئیوەگوچانی نیو مشتی
پیرە میردی سەردەمن..!!
بیکەدەر بی ئارەزووی ئەو،
بی مەراق و بی خەمن
چەند بی شەرم و بی حەیاشن
هیندە سووک و بی بەهاشن
چەند گەورە بن، هەر کەمن
چەند بلند بن، نزم ئەرون و
چەند بریژن، چەند بلین
خەوشی رووتان ناخزینی،
ئیوە شایستەی زەمن
ئابروتان، پووشی دەم بایە و بەجاری
لا چەناگەی نوکەریتان،
لیکی خوشحالی بە باری لی ئەباری.
هیندە پەخشە ناونیشانی
چنگی سوور بووتان بە خوین..؟!
بیگومانم کەس نەماوە
گوماندار بی.. ئیوە کین.

# ئەگەر

کارەساتیکی گەورەیە..
ئەگەر مروف لە جەستەی خوی جیا بیتەوە
زەمین خەستەی بیر چوونەوەی سروشتیتی و
پیچەوانە ئەخولیتەوە
کوتری دەرون، هیلانەی خوی ئەروخینی
میر غەزەبە و بە دوای خوی‌دا
میر غەزەبیکی تورە تر لە خوی دینی
خوشەویستی.. کە هاوەلی حەقیقەتە
ئەمرو تاوانیکی سەختە و
یاسا نی‌یە تەوری سەر گەردنی لادات
گول کە جاری هاتنەوەی بەهاری ئەدا..
بوگەنی لاکی لیوە دی و
چی‌تر شەمال،
نامەی ئەوینی هیچ مەمی بو زین نابات
هەر غوربەتە و بە شوین غوربەتیکی تردا هەنگاو ئەنی
هەر خەزانە و خەزانیکی کە راو ئەنی
دلیش کە کیشوەری حەزو خوزگەکانی ژیان بووە..
زیندانیکی پر لە دیلە و لەبری رەنگالەی ئارەزوو
لە نیوی‌دا..
بایەقوشی هەلنیشتووە.
دەریایە یان گومیکی مەنگ..
ئەگەر رەحمی شەپولەکان یاخی بوونیان لەبار بچی
دونیایە یان زیندانی تەنگ..
ئەگەر تای تەرازوی ژیان،
یەکیان لە سەر لوتکەی چیا و
یەکیان لە بن بنار بچی..؛؟

# سوخریەت

بە بێدەنگی پێش گەردەلول،
بە سوێندی شێخانی تەکی
کە دەنکی تەسبیحەکانیان کەللەسەرە،
بە قروسکەی پاش بەزینی
شەرخوازە چنگ سوورەکانی
ئەم جەنگەلە دوو جەمسەرە،
بە شەو نالەی گورگی برسی،
بە لنگەفرتێی حیزبەکان لە بو کورسی،
بە مەهزەلەی کویخایەتی،
بە باوەری دوان بە یەکی بو شایەتی
بە لەنجەو لاری رەشماری سەر تولە ری..
بزەی سوخریەت ئەمگری..؛

# پرسیار

کی بزەی سەر لیوی عەشقی لی فراندوون،
بوچی گیان شەکەت و ماندوون،
چی هوکاری برسیتی‌یە،
بو سەروی سەرفرازیتان شورەبی‌یە،
بو بە دەستی خوتان پیکی زەهر ئەنوشن،
بوچی بو راوی روحی یەک وا پەروشن،
چ پاداشتی چاوەروانن لە غەیبەوە،
بو پەپولەی باخی سەرتان چاو بە خەوە،
بەشمەینەتانی ئەم چەرخە خویناوی‌یە..
هەتا کەی ئەم بی دەنگی‌یە؟؛

# جورەها مەرگ

مەرگ هەر یەک رەنگی نیە..
مەرگ هەیە سوور،
لوولەی تفەنگ نوینەریتی
مەرگ هەیە رەش،
کە ئەکریتە بەژنی ژنان بە زیندویتی
مەرگ هەیە زەرد،
وەک گەلاریزانی پایز
وەرزە وەختی دووبارەیە..
مەرگی نەفس و مەرگی حورمەت،
کە ژیانی ئاوارەیە
بەلام مەرگی گەلی سە ختە.. مەرگیکی کال
مەرگی خونچەی خوشەویستی،
لەبرسا مردنی منال.

# بو "ئوژين پوتييه"

شەوانە دىى..
لە دەروازەى هوشم ئەدەى.. وەختى خەيال
شەوانە دىى..
دەشتى سەوزى رازەكانم ئەخەيتە سەر
بەزمى سەما.. چەشنى شەمال
شەوانە دىى..
گەرم هيندەى كوشى عەشق و
نەرم هيندەى خەندەى منال
شەوانە دىى..
فيرى ياخى بوونم ئەكەى
لە سر بوونى پەنجەكانى دەستى ميژوو،
لە ريسوايى ژيانى تال
شەوانە دىى..
هەمان پرس و هەمان وەلام
ئەليم تو كىى..
ئەلىى دەنگى مليونەهام،
بو هەستانى هوزى هەردەم هەگبە بەتال.

# بەلین

لە هەرکوی بم
لە هەر هەواریکی نوی بم
لیرە و لەوی..
هەتا دوو جور ژیان هەبی،
تا بەهار و خەزان هەبی،
گورینەوەی هەنگوینی گیان
بە نان هەبی،
هەتا لەم شەوە زەنگەیا
هیوا بە بەربەیان هەبی،
تا قازانج و زەرەر هەبی،
چەوساوە و چەوسینەر هەبی،
نووکی خامەم نایەتە چوک
بو عەرشی هیچ میرغەزەبی.
تا نووزەیەک میوانی ئەم دەروونە بی،
شیعر بو ئازادی ئەلیم
بەستە بو یەکسانی بەشەر..
هەرگیز دلم ناچلەکینی، خورپەی خەتەر
چیمان هەیە لە دەستی دەین..
غەیری کەلەپچەی دەست نەبی.

# کومونه

خەیالیکی بی گیانە دلنیایی
زەمەن مانای پرسینەوەی نەماوە
لە چاوتروکانی عومری خورەوە
ئوقرە لە پەروانەی لەشم براوە

مومی رەنجم بەردەوامە لە سوتان
بو دریژەپیدانی چیروکی ژین
وەناچارم بو زامی خوشەویستان
بتویمەوە و ببمە هەتوانی برین

سەرم کورەی بەجوشی کارخانەیە
پەنجەکانم بە پشتکوری دەستەمون
ئەوەش بارانی هەوری نیوچەوانم
بە گری ناخم ئەبن بە هەلم و ئەرون

بە دەستی من ئاسنی ساردی بی گیان
وەک منالی فیری گفت و گو ئەبی
بە دەستی من قەلای دوونیایەکی کون
تەخت و تاراجی عەرشی نەغرو ئەبی

دەسا ئەی موتەکەی خەونی هەزاران
ئەی نەزمی گەندەلی تاقەت پروکین
باش بزانە لە گەل جامی دلی من
ملیونەهای تریش نزیکە برژین

# ئەمرو

له چاوی هەر منالیکا
خەمی یاری و بوکەشوشه و
نان و بالیفیکی نەرم ئەخوینمەوه
له چاوی هەر کەنیشکیکا حەزیکی خەست..
عەکسی زیندانیکی شیدار،
نازی دزراو،
ژان و شەرم، ئەخوینمەوه
له چاوی هەر کورگەلیکا
ئارەزوی شیت،
ویستی تولەی کەرو گرتوو،
عەشقبازی تفەنگ بو نان،
پاشەروژی نادیار و گورو تەرم ئەخوینمەوه
له چاوی سەرکردەکانی ئەم جەنگەله جەنجالەشا
نیگای ریوی..
چاوچنوکی قومارچیان،
سەمای چاوی مروفگوژ و
لیکردنەوەی کەللەی سەرم ئەخوینمەوه.
ئەی راوچیان..
له کولانه تەسکەکانی دەرونتانا
که بوگەنی پیلانی نوێی لی هەلدەسی
نسرمی گور،
تاریکی زیندان ئەبینم
له شەرتانا.. کارەسات و
قورس بوونی باری شانم.

سەربرینی خونچەی ئەوین..
هاتنی هەوری گریان و کوچی شەماڵی پیکەنین
لە گشت ریکەوتنیکتانا..
دریژە کیشانی خەزان،
بەردەوامی خوش‌خەیاڵی و
قیافەتی ژان ئەبینم
لە چاوی کارگەرانیشا ئاسوی گەش و
بەگژداچوون،
ئاواتیکی نەرم وناسک بو سبەینی،
یەککگرتن و وانەی کوڵنەدان ئەبینم..؛

# ئیوه و ئەوان

له کاسەی سەری خوزگەکانتانا
کونترین بادەی بەلینی وەفاداری ئەنوشن
زور به نازەوه هەموو ژوانی
گوانی شوری سالەهای سالی رەنجتان ئەدوشن
له وەرزی شەنا لەجیاتی شەمال
به گفەی تەوری تورەی جودایی
پشکوی تەنوری چاوەروانیتان باوەشین ئەکەن
خو به ریکەوتیش.. بو پشودانی
بو کەمی زیاتر نیگای خورەتاو
گەر وریئه کەن،
مەرەزەی لەشتان نوقمی خوین ئەکەن.
جوانترین دیاری هاتنەوەی نوییان
کورالی به کو گیان لەدەستدانه..
دل له قەفەسی تەنگی سینەیا مانی گرتووه،
لیو له بزەی زەرد زیاتری نی‌یه و
دیدەش له شەرمی سوکایەتی‌دا..
گومیکی مەنگی ئەشک و فوغانه
دەمتان به داوی توری عەنکەبوت درومان ئەکەن
ئەوەی جورئەتی پچرانی هەبی،
له کوشی ساردی شەوی سەفەردا
موتەکەی مەرگی ئەدەن به سه ردا،
رەنگالەی خەوی ئەکەن به دالاش،
هاژه له تاقگەی قورگی ئەفرینن..
کاریزەی دلی بی قولپه قولپ و شنەی هەناسەی
بی وورشه ئەکەن،

هەرەس بە مومی عومری ئەهێنن.
خو چنگی خەمیش..
هەر یەخەی شری ئێوە دائەدری
بەرگی ماتەمیش..
تەنیا بە بەژن و بالای چەماوەی ئێوەیە ئەبریت
دەستی ستەمیش..
ئەم بێدەنگی‌یەتان بە هەرزان ئەکریت
بێدەنگی ئێوە.. مانی ئەوانە
بەردەوام بوونی وەرینی گیانە
دریژەکیشانی وەرزی خەزانە...

# چ سەردەمیکە

لیم بوتە پیشەی هەموو شەوانکم
لە ناو جییەکی کونەی نسرما..
بەرگی دراوم ئەکەم بە بالیف،
لیفەی ئارەزووی دزراوی هەستم ئەدەم بە سەرما
لیم بوتە پیشەی هەموو شەوانم
منم بە ژانی..
بەدەست هینانی ووشکە بژیوی روژیکی دیکە
چاو ئەنیمە خەو
بەلام بە بی سوود تاکو سپیدە،
نە گەنمی خوزگەم، وەرزی پایزان، ئەگاتە درەو
نە خاموش ئەبی بو ساتی، دیدە
لیم بوتە پیشەی هەموو شەوانم
سەرم کەبادە ی تالی تەمەنم مەستی کردووە،
بواری نییە کەمی پشوو بات
دلیشم بە دەست
ژانی ژوانی ژیانیکی کەوە، کە لەت لەت بووە
تالورەی گورگ، موژدەی بەیان بی..
نەنگە بو شادی.. ئیتر لی بدات
ئای سە ردەمیکی چەند بیحورمەتە
دەست و پیی دز و جەردە ئازادە..
هەنگاوی عاشق بە بەر بەیانیش
زەلیلی کوت و زنجیر و پەتە.

# بی لایەن

کە بەرنامەریژی ئەکەن
بو کوشتنی خوشەویستی،
کە شەو چاوی رەزامەندی لە موتەکەی
خەم دائەگری،
کە هاواری سوزانی‌یەک
لە ژیر شەلاقی شەهوەتی ئاژەلیکا
سنوری تەلبەندی حەیا و
چەقی دیواری گوی ئەبری،
کە خەنجەرە ژەنگاوی‌یەکەی داب و نەریت
سنگی گەرم و نەرمی مەلی
هیوا ئەدری،
کاتی دەرون بو نان ئەمری،
لە پایزی گەردەلول‌دا..
کی‌یە دەستی لە کلاوەکەی نابیتەوە
کی ئەتوانی بی لایەن بی؟

# بو ئەو ٦ شەوە شیعریانەی تەواو نەبوون

پیشکەشە بە ئەبو بەکر عەلی...

دلم شوشەی کونە چرای
مالە چول و ساردەکەت بوو
ئەو دوا شەوەی شیعرت نەوت
ئەویش شکا..
دوا دلوپی فوغانیکی بەژان و سوی
قەتیس مابوو لە دیدەما
لە گەل پشکو چاوەکانی
دایکە حەسرەت کیشەکەتدا
ئەویش تکا..
تو گورانیت بو عەشق ئەوت
بو بەهاری سەرفرازی
بو ژیانی.. ئاوینەکەی
تەنیا خوشەویستی مروف بەرجەستە کا
بو دونیایەکی بی خەم و بی جیاوازی
کە بویتە باهوزی رق و نارەزایی
لە سولتانی لەخوبایی..
فرمان درا دەمت بدرون،
خەونە رەنگاورەنگەکانت کەلەپچە کەن
پیستی حەبیبەکەت بگرون
چونکە نامەی نهینییەکانت کردەوە
بروسکەماچیکی توندت بو گزنگ نارد
جامی ئاوارەییت پر بوو لە بیزاری و
ژیانی خوت
بە مانی پر حورمەت سپارد..

# عەشقی ئیمە

لە کاریزی کام دلەوە
بەفراوی سازگاری عەشق دیتەدەری؟؛
شەماڵی کام هەناسەیە.. وا پەروشە
پەیامی ئەم عەشقە بو گشت لایە بەری؟؛
دە ئاونگی شەرمەزاریت بسرە.. کانی
کەی ئەتوانی
وەک دلی ئیمە بو ژیان بتوییتەوە؟؛
دە ئاهەنگی خو نواندن بوەستینە.. شنەی شەماڵ
کەی ئەتوانی
وەک و چرپەو هەناسەمان
بو ئەوسەری زەمین بچیت و بییتەوە؟؛
عەشقی ئیمە خورەتاوە.
ئەگەر کەشتی خوشەویستی
شاخە بەفریکی هاتە ری
عەشقی ئیمە یاخی بوونە لەو درویەی
هەموو روژی توشمان ئەبی.

# منالیتی

منالانی شارە شەوە زەنگیەکانی
رۆژهەلاتی، بە ژان و سوی..
دەپیم بلین،
پەپولە بال نەخشینەکەی منالیتی
ئیوەی کلول،
ئیوەی برژاوی بەر هەتاو،
ئیوەی لە ئیستاوە هەگبەی حەسرەت لە کول
کاتی چروی چاوە رەنگ پایزەکانتان بە جی دیلی
بەرەو رووی کام تروسکایی خوزگە ئەچی؟؛
تو بلیی ئەو
لە گەل تریفەی مانگەشەو
بە شەرمیکی بی نازەوە..
قوزاخەیەک بو دەروونی مەستی بچنی و
بو دزینی بوکەشوشە و سەربرینی منالیتی
پرسەبگری..؟؛
یان لەودیوی دارستانی ژیانەوە
تروسکایی هیوایەکی نەدیتبی..؟؛
ئای کە سەختە
شکوفە بەرلەوەی چاوی بکاتەوە هەلوەریت و
منالیتی تیرور کری.

# نیوان بوون وئەبوون

نوینەرانی ئەو شەوانەی
کە رەشترن لە قەتران و ئەنجامی شەر
ئەی سەرانی هەواری ئاوارەبوون و
مەرگ و سەفەر..
ئابروتان گومی مەنگەو
پاشەروی زیرابەکانی هەموو دونیای
ئەرژیتە سەر.
لە دوا لوتکەی بەرزتانەوە،
نزمترین کەندەڵانی روح ئەبینم
کە پیویستە دەست پیکردن لەویوە بی
وەلی نیوان شەوی تار و بەیانی روون،
نیوان خەون و بە ئاگا بوون
تالە داویکی شەرمنەو هەر ئەپچری.
لیم تی ئەگەن ئەزانن، چی بەیان ئەکەم
نە وەک ئیوەیە تان و پوی خوشەویستیم،
نە وەک ئیوە.. سەیری مانای ژیان ئەکەم
من مروقم لا مروقە..
نەک گەڵای داری پایزە و
کەرەستەی خاوی کارگە بی
زەوی.. لە لام هیلانەیە،
نەک بو شەریکی نارەوا گورەپان و
هەوارگە بی.
ئیمە تا سەر تەریب نابین بە یەکتری
ئەوەی کومان ئەکاتەوە و
کە پیویستە دەست پی کردن لەویوە بی..
نیوان خەونە و بە ئاگا بوون
نیوان مانای بوونەو نەبوون
تالە داویکی شەرمنە و هەر ئەپچری.

# روتین

سەری قالی زەوی دیشی
هێندە بێ سوود
بە دوای خۆیدا دەخولێتەوە
زام بێزارە لە قەتماغە
هێندە ساریژ ئەبێ و دیسان دەکولێتەوە
مانگ پەرۆشی تەنهاییە
بەرامبەر ئاوێنەی دەریا،
بە گژ سیمای خۆیدا دێتەوە
سەردەمێکی چنگ خویناوی
نان پێدانی لە ئەستۆیە و
زولفی ئالۆزکاوی ئاشتی شەنە ئەکا
چەقەڵ جاری حەق ئەدات و
گورگ فەتوای حەڵاڵ بوونی خوێنی مرۆف
ریوی بۆ ئەم ژیانە پاکانە ئەکا
لە ئەودیوی زیندانەوە
چاوەشانی خاکی وەتەن..؛
لەگەڵ نەغمەی دڵتەزینی کەلەپچەدا
گەردانە بۆ گەردنی ئازادی ئەکەن
بەستە ئەڵێن..
(کێن ئەوانەی پەرەندەی حەز
لە چوارچێوەی قەفەس ئەنێن؛؟)
ئای لە گاڵتەجاری مێژوو..
ئاو لە مانای خۆی یاخی یە و
سبەی ئەوەندە بێزارە، بەر لەوەی بێ
خۆزگە ئەخوا بە رابردوو... !!
ئای لە گاڵتەجاری مێژوو...

# دیوارەکان

**سەرنجی ویل، بەر شەوارە کەوتووە**
**نوقمی دەریایەکی خوێنە، بینایی**
**تەرزەبارانێکی نامۆ ئەباری و**
**رەنگدانەوەی سەرابە، دڵنیایی**

**رەنگی ئاڵی هەڵبرزکاوە، حورمەت**
**هەنگوینی رەنج یاساغ کراوە لە گیان**
**تەنوریکە، گەڵی گەرم و گڕاوی**
**ئەوەی ئەمرۆ پێی ئەوتری ژیان**

**پەپولەی حەز ئەتورێنن لە خونچە**
**پەنجەرەی هۆش لە کازیوە دائەخەن**
**چوک و ئەژنۆ رائەهێنن بە کوورمان**
**فەرشی چەخار بۆ هەنگاویش رائەخەن**

**بەر لەروخاندنی دیوار، دروکان**
**بە دوو شێوەی لە یەک جیاواز ئەنوسران**
**وەلی ئەمرۆ بە یەک زمان ئەنوسرێن**
**گەلی لیل و تەماوی تر لە جاران**

**بەر لەروخاندنی دیوار، هەر چەخار**
**لافی جوانی لاڵەزاری لێ ئەدا**
**سەردەمی بوو، رەحمی ئاوساوی مێژوو**
**لەبار چوونی نەوبەهاری لێ ئەزا**

جەنگەلیکی ئاژەل سالارییە، چەرخ
دونیایەکە پڕ لە گومرایی و لە ژان
تەنیویانە بە توری جالجالوکە و
ئەلین گوایە.. روخاوە دیوارەکان

# هەلویستەیەک

بو کوی ئەچی، ژانی دەرون
وەک سیبەری گیانی شەکەتبووی سەفەرت
راوت ئەنی..
ریگە تەلانیکی سەختە و ملی هەوراز
بە شابالی گەورەی وورەت پیئەکەنی
بو کوی ئەچی، تەم تومانی بیرەوەری
جی پیی دووەم هەنگاوی ریت لی وون ئەکا
بە هەزاران جەخاری نوی
یەخەی سنگی ئاواتە ناسکولەکانی ئەم تەمەنەت
کون کون ئەکا..
لە هەر کوی بیت..لیرەو لەوی
ژیان هەر کیویکی هەزار بەهەزارە
چنگی زولم و کەلبەی ستەم
بو هەردوو گویی ئەم زەمەنە خەوالوە
ئەبن بەنقیمی گوارە
لە هەر کوی بیت.. لیرەو لەوی
بو هەر لیدانی دلیک و بو هەر هەناسەدانیک و
وەرگرتنی .. بو مانەوە
بە گژدا چوونەوەی ئەوی

# جوله

ئەگەر زەوی
پیدەشتیکی فراوانی تەخت بوایە
ئەگەر هەرگیز هەنگی روحی،
بو گولی خور
سەمای بەردە وامی عەشقی نەکردایە
ناخی دەریاش
کریستالی هیمنی خوی نەئەشکان و
کەرویشکە کیویلەی شەپول
بە ئاسانی مالی ئەبوو..
گەردەلوولیش
چاوی رەشی بیابانی کویر نەئەکرد
کوچی تەمەن لە خالیکا رائەوەستا و
ریبوارە پیرەکە ی میژوو
پریاسکەکە ی خالی ئەبوو..
نە پرچی شەو بەفری ئەگرت
نە پاییز کفنی زەرد ئەبوو
نە هوش لە تان و پوی ژیان حالی ئەبوو..
ئەمە بریاری میژووە
چون سەرەتا دەرگا لە بوون ئەکاتەوە
وە کوتایی، شەرم لە هیچ کەسی ناکا
دیسانەوەش بارانی بوون،
جاریکی تر ئەبی داکا

# کێشە

ئەوەی جوانی ڕەنگاڵەیە ک
لە چوارچێوەی قەفەس ئەنی
ئەوە ی ناخی..
بە گریانی ناخێکی تر پێئەکەنی
ئەوەی لە سەر گیانێکی تر
تەرمی گیانی لەرزۆکی خۆی ڕاگرتووە
ئەوەی حورمەت لە لای، پووشی بابردووە
نەنگە چاوی.. ترووسکایی میهری تیا بێ
نەنگە دڵی..
بە موچڕکەی خۆشەویستی ئاشنا بێ
ئەمە جەنگی نێوان خەم و پێکەنینە
ئەمە جەنگی نێوان تەم و
سایەقەی ئاسمانی شینە
کە جامی دڵ پڕ بوو ، بە ئاخ
خۆش خەیاڵە
ئەوەی هیوای بە وەستانی لێ ڕژێنە.

# چەند کورتە شیعری...

### ١. بو شاعیری

نیگات لە ئاوینە روا
گوپکەی خەیال چەکەرەی کرد
روخساری خوت سەیر ئەبینی..
چال و چولی دول و شیوە،
ئاوەختەیە بەفری تەمەن بەسەر سەرتا
کە باریوە..
چون وا ئەبی
تو شاعیری و کەی شاعیریش،
لەم وەرینی گریانەیا
لە فرمیسکی زیاتر دیوە.

### ٢. چی ماوە نەیکەن..؟!

ئەوە ویرانەی هەواری خوین و
فرمیسک، رووباری
ئەوەش پاداشتی ئیوەی بەخشندە:
لە هەوری تەلخی ژانەوە هەردەم
رەهیلە مەرگی بە کو ئەباری..
چی ماوە نەیکەن..؟!
باوەش نەماوە سەری پیا نەکەن
سەگ نەما گەمەی لە گەلدا نەکەن
چی ماوە نەیکەن..؟!
هەر لە خوتان دی گەرمیان و کویستان
روژانی لەوین.. روژانی لیرەن
دوینی لاملی ئەهریمەنیکتان ماچ باران ئەکرد،
ئەمرو دەلیلی شەمشەمە کویرەن...

### ٣. ووتەی سوزانی‌یەک

هاتە دەری..
دلم سنوری قەدەغەی نیشتمانی
سنگی بەزان.
هاتە دەری..
روحی تواوەی جەستەکەم
بوو بەتەنیا قەترەیەک فرمیسکی گەرم و
لە پەنجەرەی دیدەمەوە
وەک دزیکی نیوەشەوی
خوی هەلخزان.
هاتە دەری خوشەویستی..
لە ویژدانی ژیانەوە بو باوەشی
ئەو دەبەنگەی لەزەت ئەکری بە نرخی نان.

### ٤. مونالیزا!

خاموش‌تری لە بی‌دەنگی مانگەشەو
بە نیشانە، کاتی ئەدوی‌ی لە گەلما
سەرم سورما، ئەمە سیحرە یان گرەو
لیوت ئەلی (نەخیر) چاوت ئەلی (ئا)

مەراقم بوو گری‌کویرەی ئەم خەمە
وورد بوومەوە لە مونالیزای ئەوین
ئەویش وەک گشت کچانی ئەم سەردەمە
زیندانی‌یە و دوو زیندانە سە رزەمین

### ٥. پیویست

هەلالەکان،
ئەرژینە سەر گولی دەستکرد
شەمال نامەی نارەزایی ئەدات بە دووکەلکیشەکان

دیده تینووی خەوی قووله و
شیوه جوولەی روبوتەکانی گرتووه، ئەندیشەکان
ئەوین کالایەکی سوکی ئەم جەنگەله جەنجالەیه
که پیی ئەلین.شارستانی
ملی حورمەت له ژیر رەحمەتی تەورازی
پیداویستی ژیاندایه،
گەر دریژەی هەبی وەرزی
خەزانی ئەم بیدەنگییه
سەر له جەستەی ئەبیتەوه به ئاسانی
هەر بویه پیویسته هەتا
دوا هەناسەی قورگی شیعر،
هاوار بکەین بو ئازادی.. بو یەکسانی

# چینایەتی

لەودیوی ڕەنگەکانەوە ئەتانبینم
یەک زەمینی بە خەم تەنراو
نیشتمانی هەموومانە،
لەودیوی دەنگەکانەوە گوێم لە نالەی دەرونتانە
بە هارمونی..
یەک کورالی نارەزایی ئەلینەوە،
یەک پەرەی سووری مەینەتیش.. میژوومانە

# نووسەری باو

ئیوەی نەرجسی..
بە رەخنوکە بی تان و پویەکان،
نوکتەیەکی خوش ئەدەن بە گویچکەی
کەری سە ردەما.
وەک ووردە زیخی روخی رووباری
تەنیا ختوکەی بنی پی ئەدەن
نەخیر بەریزان..!!
ئیوەش بەشیکی دوا نمایشن
لە شانوگەری..
(دوا دروکانی سەدەی بیستەما)

# شەر و ئاشتی

برین پێچ و
مەرهەم و دەرمانی ئازارشکێنی ژان
ئیتر دالدەی
زامی قوڵی دڵم نایەن...
کە من باری قورسی شانم
هەر بە کوڵی خۆمەوە بێت
چ جیاوازی هەیە بۆ من..
شەڕی کت و پڕی ئێوە و
ڕێکەوتنی دیبلۆماسی درێژخایەن

# گەران

بە شوین روژە دزراوەکانا ئەگەریین
ئەو روژانەی لە باوەشی گەرمیانا
کاتی هەیە بو  تریقە و زەردەخەنە،
کاتی هەیە گورانی‌یە بە سوزەکانی تیا بلیین
کاتی هەیە..
گورینەوەی رازی دل و حەزی تیا کەین
بو هەر کورتە خەیالیکی شەر و دزی
شورشیکی لی بەرپا کەین

# من و شیعر

پێنوسەکەم لێم زویرە
ماوەیەکە.
قامکی نوسینم نەکردوتە گەردنی
مەلی شیعریش...
باڵەکانی لە گیانی خوی ئاڵاندووە و
خەمبارە دڵی کون کونی

وەلی ئەمرو کە ناچارم...
لە گەل کازیوەیا ریگەی
بە هیزی جەستەوە سەودا ئەگرمە بەر
وە جەستەیەک،
جاری ژانی روژی پیشووی سر نەبووە
موچرکەی ژانیکی تری نویی
دیتە سەر.
وەلی ئەمرو کە ناچارم..
حەزە رەنگاو رەنگەکانم
لە زیندانی
سەردەمیکی ملهوریا خەسار ئەبن
غەیری پیوەند
هیچی ترم چنگ ناکەوی
پەرەو پێنوس
دلیان زیاتر لیم ئەرەنجی و
پەنجەکانم هەر دەستەموی ئازار ئەبن.
مەلی شیعریش...
لە نیو قەفەسی سینەما هەر ناخەوی

بەم ژیانە گەلی نامۆم
نە ئەتوانم ترپەی دلم

لە گەل نەزمی ئەم بازارە بی نرخەیا
رابهینم
نە ئەشتوانم..
بە فرمیسکی پەشیمانی
گیانی هیلاکی خوم بشوم
بەم ژیانە گەلی ناموم
بەلام ناموی خاکی سە وز و ئاوی کانی و
هەوری بەفر و بارانی نیم
بو برینم مەرهەم نیە
وەلی ناموی زەمانیکم
حەقیقەتی لە ناو درکا لە دایک بوونم
فیر ئەکات...
لە نیو کورەی کارخانەیا
بە وەنەوزم رائەهینی
کە خومی تیا ئەدورینم.
فیری گریانیکم ئەکا
بە هیچ جوری پیشەم نیە.
بەلی تەنیا
شەری نیوان مان و مەرگم پی ناکری
ئەوان چەشنی جالجالوکە،
توری پیلان
بو تەنیا کردم ئەچنن
ئەبی منیش...
لە خویندنگەی ژیانەوە
فیری ریزمانیکی نوی بم
لە زور جیگەی رستەکانا (ئیمە) دانیم
لە جیاتی من
نابی ئیتر
بە ئاوازە ناخوشەکان سەماکەم و
لە گەل سیبەری جەستەما ژوان گرم
ئەبی هەردەم کلپە بگری....
ئەی ژیلەموی ناخی سرم.

# میری سەگ

چوراوی خوین
لە نینوکە تیژەکانی سەردەمەوە
قەتاری کوچی بەستووە
گیانی ژیان، تا چەناگە
نوقمی زەلکاوی پاشەروی پاکانەیە و
ئیتر خوزگە بەمانەوە
لە نیوانی تەر و ووشکا
خەیالیکی منالانەی با بردووە.
رووی حەقیقەت..
لە تابووتی شووشەییدا ئەشارنەوە
ئەلقە لە گوی
گەیەنەری نامە داخراوەکان ئەکەن
کە فەرمانی مەرگی کازیوەیان تیایە
نوینەرانی کورتەبالاش
کە هەر هیندەی گوچان ئەبن
لە ژیر کورتانی گول گولی نوکەریدا
سەری سووکی رەزامەندی ئەلەقینن.
نوزەیەکیان لیوەنایە.
بەژنی نەمری
بە ژمارەی دەنگی جەستە مردووەکان پیوانەیە
زیندووەکانیش کەول ئەکرین
بەلی ئازیز.....
ئەم ژیانە خومخانەیە
قولاپ لە لیوی زامداری عەشق گیرە
بەلی ئازیز....
ئەم هەوارە ئوردوگایە و
سەگیش میرە.

# گەمەی دووبارە

لە سەر میزی قسەی نەستەق گیرانەوەی
گالتەخانەی ژیانەوە..
لە هولی پەرلەمانەوە....
لە ناریکی بەشکردنی پارەی دزی و
خوینی رژاو،
بوو بە شەریان..
درک و سوژن
ژەهر و تلیاک
پاشەروی زیراب و زەلکاو
پاش ماوەیەک بە ناچاری
بە یەک غەمزەی چاوی رەشی
ئەهریمەنی نەزمی مەرگ و ویرانکاری
گەرانە وە بو سەر هەمان
میزی قسە و گالتەجاری
نە لیزمە بارانی خوینی بەخوریان دی
نە بارەشی شەرمەزاری.

# پاییز

من بە تەنیا لە پاییزا
سەیری پرسەی مەرگی گەڵا و
کورەوی (با) و
پولە مەلی کوچەر ناکەم
پاییز گری نهێنی‌یەک ئەکاتەوە
ئەلێ، دیسان میو پێگەیی و جادووگەران
ئەیکەن بە تلیاک و شەراب
ئەلێ... خەلکە... ئامادە بن
نەکەن ئەم زستانە سەختەش
دەنگدەن بە شیرە بەفرینە و
هەڵخەلەتێنن..
بە بریسکەی چاوی سەراب..!؟

# چەتەی خۆماڵی

تەمەنێکە، لە ژێر پەردەی هاوخوێنییا
وەک بازرگانێکی ڕەش و
دەلالێکی ڕیش چلکن و
سیخوڕێکی چاو ڕووباریی قژ زەردەپەر
ئەی چەتەی خۆماڵی بێ فەر
تۆش وەک ئەوان..
ئەمکەی بە دارە ووشکەکەی ئاگری شەر
گەر تۆ نەبی.. خۆم ئەزانم
چۆنی پرچی حەزەکانم.. ئەهۆنمەوە و
گوڵی سووری خۆشەویستی بە کێ ئەدەم..
گەر تۆ نەبی..
یەک کەلەپچە ئەرچرێنم،
چاوەڕوانی تەنیا یەک سبەینێ ئەکەم
تۆ شەوێکی تاری ترم بۆ زیاد ئەکەی
پاییزێکی ڕەنگ زەردی تر..
لە هەورازی ئەم کۆچ و بارە سەختەما
یەک بەردی تر..
کەی ڕەوایە، گۆم و ڕووبار
داڵ و کۆتر..
لوتکە و بنار..
منی عاشق بە گوڵی سوور،
توی بە جەخار..
یەک ژمارەی پۆستمان هەبی و
یەک ئایینده و یەک یادگار

ئەی پەرستگای خێل و رەگەز
داهێنەری تەلبەندی درکاوی سنور..
گەر تو نەبێت..
زور نزیکە.. کازیوەی حەز
نەوبەهاری خوشەویستی و ئاواتی دوور
گەر تو نەبی..
منیش تال قەرەولم ناکەمە رووی هاوکارەکە
عەشق نابی بە موتەکەی ژووری خەو و
مەمک نابی بە گولدانی گول فروشتن
خێزان نابی بە زیندانی دلدارەکەم
ئەی خێلە گورگ..
چەتەی خویری..
چەوسێنەرە خومالیە بی بارەکەم.

# ئەمە... ئەوە

ئەمە خەوە، یان زیندە خەو..!!
ئەمە خەیالی مەستی‌یە
یان مەراقی چاوەروانی لای نیوەشەو..!!
ئەمە لافاوە فرمیسکی کیوە بەفرە..
یان نەزیفی زامی سەردەم..!!
ئەمە ژیانی ئەمرویە
یان دوزەخی توانەوەی روح و جەستەم..!!
ئەوە کی‌یە..
سەرپووچی رەزامەندی بو رەشەبای جادووگەری و
رشانەوەی سەرکردە رائەوەشینی..؟؟
ئەوە کی‌یە..
سەر و سیما و پاشەلی خوی
لە چلکاوی ئەم نەزمەیا ئەگەوزینی..؟؟
ئەوە کی‌یە..
بە سەر پەیژەی ئازارە دیرینەکەما سەر ئەکەوی
ئەوە کی‌یە..
لە پەنجەرەی هوشم ئەدا هەموو شەوی..؟؟
ئەمە چی‌یە.. ئەوە کی‌یە
ئەمە خەوە یان زیندە خەو
ئەوە ریزانی قافلەیە یاخود چەتەی لای نیوە شەو..!؟

#ووردەواڵە

لە زمانی خەم تیئەگا و
ژیان نامەی زامی میژووی خویندوتەوە
سەروسیمای حەقیقەتیش
لە ژیر پەچەی پیلانەوە نیگا ئەکات
بەڵام تاکو شەقی روژگار
بەر پاشەلی خوی نەکەوی
لە سەر ئەو داوە باریکە..
لە نیوانی شەوەزەنگ و کازیوەیا
لە سەر نەزمی کیشی پەنجە
سەما ئەکات..
لە گورینی ریرەوی باو
بەرز و نزمی مەوجی دەریا و
هەڵوەرینی گەڵا لە دار
لە دووبارە خونچە گرتن.. وەرزی بەهار
لە مەرگ و ژین
لە بیدەنگی کت و پر و لە قاقای بەرزی پیکەنین
لە نیوچەوان گرژبوون و
لە توونـد نووقاندنی لەپی..
دلی نەرمونیانی ئەو دائەخورپی
ئەو تەنیا نیوانی ئەوی..
هەر ئەوەندە.
شەقی روژگار بەر پاشەلی خوی نەکەوی.

# مەتەل

بەژن بەرزی و پیروزی خوا
پەرستنی خاکی ووشک و رووبار و با
بینینەوەی تکەی ئابروو
لە سەر تەویلی قوقزی نەتەوەیا
لە جامخانەی کریستالی دووکانیکی ئەم چەرخەیا
کەل و پەلن بو فروشتن.
بە نرخی خوین،
بە پسولەی خوشخەیالی،
بە قەرزیکی دریژخایەن ئەدرین بە من
نەوەک روژی ئاوەلاکەم
گری کویرەی ئەم مەتەلە..
کە لیدانی دلی میژوو بو ئازادی
بە روخانی.. پایەکانی
رەوشتی باوی جەنگەلە.

# ریبوار

له مه‌لبه‌ندی ژانه‌وه دیم..
کاره‌ساتی سرینه‌وه‌ی ناوی مروف،
له خاچدانی گیانی حورمه‌ت،
به ئیفلیجی له دایک بوون،
راسپارده‌ی ئه‌تکی ئه‌وینتان پی ئه‌لیم.
له مه‌لبه‌ندی ژانه‌وه‌دیم..
په‌یامنیری گه‌ردنیکم
ده‌زوولـه‌یه‌ک هه‌وای پیدا گوزه‌رئه‌کاو
به‌حال نوزه‌ی لی ده‌رئه‌چی
دلوپ دلوپ ئاوی حه‌یاتی ئه‌ده‌نی،
ته‌وری سته‌م سیبه‌ریتی و له ئیستاوه
شمشالی ژین
ئاوازی پرسه‌و ماته‌می بو ئه‌ژه‌نی.
له مه‌لبه‌ندی ژانه‌وه دیم..
کچوله‌کان، باروت ئه‌که‌ن به کلی چاو
ده‌ستریژ هوره‌ی لایلایه‌یه بو کورپه‌کان
ته‌رموم‌ه‌تری عیززه‌ت به‌ره‌و هه‌لدیر ئه‌چی و
بیابانیکی رووته‌له.. سفره‌ی خووان.
له مه‌لبه‌ندی ژانه‌وه دیم..
چروی خه‌نده،
که تامه‌زروی قومی ئاوه
له سه‌ر لیوی ووشک هه‌لاتوو ناپشکوی

چرکەژمێری تەمەنی کامەرانی نایەتە پێش
ئاستی نیگا بنی پێیە و
ناخ پڕە لە ژانی بە سوێ.
لە مەلبەندی ژانەوە دێم..
تیشووم کەمی نانەرەقە و
هیوایەکی ناسکولەیە بۆ سەردەمی
خوێنی گوڵی تیا نەڕێژن،
قوفڵ نەدەن لە دەنووکی ئاڵی بولبول
ئەمە دونیای حەزی منە.. بۆی ئەگەڕێم
وە کۆڵ نادەم، تا نەیگەمێ

# تان و پۆ

نانیان لێمان شاردوتەوە
تاکو لوتکەی بەرزی وورە چەماوەبێ
هەناسەمان قورمیش ئەکەن
نەوەک شەماڵ..
لە ڕێکەوتێکی ناوەختا
هەواڵنێری ئاهو ناڵەی چەوساوە بێ
گڕی کوێرە لە شادەماری خوێنبەری
دڵمان ئەدەن..
نەوەک هەنگاو.. لە سەمای باو
یاخی ببێ و
خۆشەویستی، فێری سەمای تازەی بکا و
نەوەک ڕوحیش لە دۆزەخی ئەمڕۆکەیا
بە ئومێدی ڕۆژێکی نوێ.. تواوە بێ.
بەرزی لوتکە
لەقوڵایی بناردایە
ژانی برین.. لە درێژی نووکی خەنجەر
سەختی ڕێگەش لە قورستر بوونی هەگبە و
درێژەکێشانی سەفەر،
بەردەوامی ئەم دۆزەخەش
لە بێدەنگی و
دابڕانی جەستە لە سەر
وەڵی مێژوو، ڕەحم بە هیچ کەسی ناکا
چارەنووسیش دوو ئەگەرە..
یان نەمانی بەرزی و برین،
یان کورەوی مەرگی بەشەر.

# گوی نادەنی

کە جامی ژەنگاوی دەروون
لیواو لیوی خەم و ژان و حەسرەت ئەبی،
گوی نادەنی
کە گیژاوی ئەم ژیانە،
بەرەو کەناری عەدەم و بیرچوونەوەی بوونمان ئەبات
خەنینی زەرد ئەگورنەوە
گوی نادەنی
کە گولدانی ئەشق ئەشکی،
ئاوی حورمەت ئەپرژیتە سەر دامەنی خولی ژیر پی
سادی‌یەکانی نەخوشخانەی زەردی میژوو
گوی نادەنی..
ئازیز ئەوان گەلە گورگن
تینویتیان بە خوین ئەشکی و
ئارەزوویان بە لەرزینی بەر لە مەرگی گیانی نیچیر
پی‌ئەکەنی..
بەلی ئازیز گوی نادەنی
بە تەقینی کانی هەستمان گوی نادەنی
بە زریانی ناخی پەستمان گوی نادەنی
بە وەرینی چروی ئاواتی نیو دەستمان گوی نادەنی
مادام کولکە نووسەری باو
هەست و ووشە هەراج ئەکا و
زورنای دەم هەراشی دروی رەسەنیتی
خوین و رەنگ و دەنگ ئەژەنی..
بەلی ئازیز گوی نادەنی.

# بو تۆی مێ

گیانت لە گەڵ ترپەی دڵا..
ئاساییە سەما بکات.
گوێم لە چرپەو هەناسەتە
وەک دزییەکت کردبێ، باسی دلدارەکەت ئەکەی..
شەرم مەکە و پەنجەرەکانی زیندانە ئەبەدیەکەت
ئاوەڵاکەو دەنگ هەڵبرە.
بو بە چرپە ئەمدوینی..!؟
سەر دامەخەو تری رەشکەی چاوەکانت ببرە چاوم
بو بە تاسەو هەنیسک و ئاخ
شەرحی نالەی ناخە، بیزارەکەت ئەکەی..
هیج مەترسە و
پەرەی کەروو گرتووی نەریت بسووتێنە
ئاور لە خەونە کونەکان مەدەرەوە
کاتی ئەوە هاتووە بلێی..
دلدارەکەم خوشم ئەووی..!!

# یەکشەممە مەنگەکان

ئەم مەنگی‌یە پەستم ئەکا..
دیوارەکان توزی مەرگیان لی نیشتووە
پەنجە رەکان، چاو خەوالون
دەروازەکان، پاسەوانی ئەو مەزارەن
زیندووەکانی تیا مردووە.
ئەم مەنگی یە پەستم ئەکا..
شەقام بە نیو ناخی خویدا ئەچیتەوە
تاک و تەرا.. تەرمی ریبوار بەدی ئەکەم
ریبواری پیر..
توپە بەفری سەری خویان
لە باوەشی دوا روژانی مانەوەیا هەلگرتووە
ریکە ئەبرن بو کلیسە،
بو بازاری خوشخەیالی و تلیاکی بیر..
ئەم مەنگی‌یە پەستم ئەکا..
ملیونەها نیوە روبوت
پشوو بە نیوەکەی تری لەشیان ئەدەن
ئەچنە سووری قوزاخەوە.
تا مەرگ ئەنوون
هیزو تواناى بەرگەگرتن ئەدەن بە شوین
قەپالی کوت.
ئەم مەنگی‌یە پەستم ئەکا..
پەیامنیری یاخی‌بووان.. کیسەلیکە
بەیان نامەی نارەزایی، بە زەنگیانە
لە سەر پشتی دارشتووە.
کی ئومیدی بە گولە نایلونەکان هەیە بیتە بەر و

کێ گیانی خۆی
بە ئاهەنگی گێژەڵوکە سپاردووە..
ئاسۆی لێڵە، نیگای وونە، کڵاوەکەی با بردووە.
ئەم مەنگییە پەستم ئەکا
ناخی ژیان ژان گرتووە،
پەنجەرەکان چاو خەواڵون،
دیوارەکان تۆزی مەرگیان لێ نیشتووە.
ئەم مەنگییە پەستم ئەکا..

# گورانی هیوا

رۆژێ لە رۆژان، دیمەوە لاتان
شەکراوی عەشقی ئێوە ئەنۆشم
خەندەتان ئەکەم بە مەرهەمی زام
لە عەتری رۆحتان پڕ ئەکەم، هۆشم

رۆژێ لە رۆژان، بۆ کامەرانی
بێ خەمی لانە و خەمی نان و ئاو
بۆ چاوی ئێوەی ئازیزتر لە خۆم
جۆلانە ئەکەم لە پرچی هەتاو

رۆژێ لە رۆژان پاش سەفەری دوور
کە رەوی‌یەوە ئەم هەوری ژانە
خەم و حەسرەتی نامۆیی ئەبێ
بە پەیکەرێکی نێو مۆزەخانە

رۆژێ لە رۆژان، دیمەوە لاتان
وە یەک بە یەکتان ئەگرمە باوەش
باوەشی هێندەی هیوا بە جۆش و
هێندەی ئەستێرە، جلیوەدارو گەش

# بو....؟

بو ئەم زەمینە، لە جیاتی جەنگەل
گولزاری عەشقی ئەبەدی نەبی
بو ئەم گریانە بەردەوامەی روح
تریقەی گەرمی پیکەنینیکی سەرمەدی نەبی
بو گری دووری و لە یەکدابران
شنەی فینکی باوەشی بە یەک گەیشتن نەبی
بو بەستەلوکی ئەم بیدەنگی‌یە
قریشکەیەکی قرمژن نەبی..
بو سنورەکان بە شوناس‌نامەی
دەنگ و رەنگ و خوین
لوغم ریژ کرین
بو گورانی‌یەکان نامو بن بە لیو
بو لەنجەکانی دەروونی بە جوش
لە قالب درین
بو وەرزی ژیان
تەنیا سومبلی بو جوانی نەبی
بو دان و بردن
دوو تای تەرازووی یەکسانی نەبی..؟؟

# سەری سال

ئەم دواشەوی سەری سالە..
بو هەلوەرینی تەمەنی کوچەرانی هەواری خوین
دلم ئەکەم بە زەنگولە و
بو چوراوگەی پیالەی چاوی منالیکی رووت و برسی
روحم ئەکەم بە ژیرپیالە.
ئەم دواشەوی سەری سالە..
بو خولەکی ئەبم بە موم
بە یادی ئەو عاشقانەی بە ئاگری نەریت سووتان،
وە سووتانی لاپەرەی سالیکی تری
ژیانی نیو دوزەخی خوم.
ئەم دواشەوی سەری سالە..
لە پەنجەرەی ژوورەکەما
چەپکی گولی سوور دائەنیم
نەک بە یادی ژانگرتنی رەحمی مریەم بە عیساوە.
بو ژانی زانی سەردەمی
کە پەیامی فەوتانی خوی لە نیو خویدا حەشارداوە
ئەم دواشەوی سەری سالە
سەما ناکەم.. هەرا ناکەم
ناچم بو هیچ کلیسەیەک
ستایشی خودا ناکەم
یاخی ئەبم لەم خەیالە پوچەلانە و
تف لە چارەی هەرچی بازرگانە ئەکەم
تف لە چارەی رابەرانی کوردایەتی و
فریشتە بە سوزەکانی دیموکراسی و
نوینەرانی هەرچی نیشتمانە، ئەکەم
ئەم دواشەوی سەری سالە
بو گولی ئاواتی هەموو بەشمەینەتان
شیعر ئەکەم بە هەلالە.